# لە هەولێر.. (٤٤٤) شوقە بەسەر فەرمانبەران و خانەوادەی شەهیداندا دابەشکرا



**تاهیر عەبدوللا جیگری پارێزگاری هەولێر لەلێدوانیکیدا بۆ گۆڤاری هەرێمی کوردستان،ئەوەی خستە روو** کلیلی(٤٤٤)شوقە کەدەکەوێتە سەر رێگای عەینکاوەو بەدیزاینێکی جوان و سەردەمیانە دروست کراون،رادەستی ئەو هاولاتیانەی کەپێشتر لەلایەن لیژنەیەکی پارێزگای هەولێرو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە دەستنیشانکرابوون و کارتیان وەرگرتبوو کرا، **جێگری پارێزگاری هەولێر هەروەها رایگەیاند** کە ئەو شوقانە ماوەیەک لەمەو بەر تەواو بووبوون، بەلام لەبەرهەبوونی هەندێک کەموو کوری دابەشکردنیان راگیرابوو، چونکە مەرجی ئەوەمان سەپاند بەسەر بەلێندەرەکەیدا کەدەبێت ئەو کەموکوریانە چارەسەربکات، ئێستاش پاش چارەسەرکردنی ئەو کەموو کوریانە دەستمان کرد بەدابەشکردنیان.

**تاهیر عەبدوللا ئەوەشی خستەروو** کە (٢٥٠) لەو شوقانە بۆ خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانەو لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدانەو ئەنفالکراوەکانەوە دابەشکراوە بەسەریاندا بەبێ بەرامبەرو وەرگرتنی هیچ برە پارەیەک،بەلام ئەو ژمارەیەی دیکەیان دابەشی سەر ئەو فەرمانبەرانە کراون کە مەرجەکانی وەرگرتنی ئەو شوقانەیان تێدایەو لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە ئەو مەرجانە دووپاتکراونەتەوە،ئەم فەرمانبەرانە هاوشێوەی شوقەکانی هاناسیتی لەسەر رێگای کەسنەزان کەماوەیەک لەمەوبەر دابەشکران بڕی نۆ هەزار دۆلاریان لێ وەردەگیرێت،کە سێ هەزار دۆلاری بەشێوەی نەقد دەبێت و ئەوی دیکەشی بەقیستی پەنجا دۆلاری مانگانە تاوەکو دەساڵ دەدرێتەوە پاش دانەوەی ئەوبڕە قیستەش راستەوخۆ شوقەکانیان لەسەر تاپۆ دەکرێت.

**ئا: عەمار**

# هاووڵاتییان تاچەند گۆشتی ماسی دەخۆن؟

ئەمڕۆ خەڵکێکی زۆر بەشێوەیەکی بەرچاو روویان لە خواردنی گۆشتی ماسی کردووە، بەتایبەتی ئەوانەی هەندێک نەخۆشی وەک پاڵەپەستۆی خوێن و شەکرەو ئەوانەیان هەیە، چونکە بەتاقیکردنەوە دەرکەوتووە خواردنی گۆشتی ماسی زۆر بەسوودە بۆ لەشی مرۆڤ و زۆربە ئاسانیش لەگەدەی مرۆڤ هەرس دەبێت، دیارە گۆشتی ماسی لە کۆمەڵەی گۆشتی سپی ئەژمار دەکرێت و رێژەی پڕۆتینی زۆرەو بەپێچەوانەوە رێژەی کۆلیسترۆڵی یەکجار کەمەو دەتوانین بڵێین هەرنیەتی، هەربەپێی ئامارو داتایەکانی جیهانی دەرکەوتووە کەساڵانە هەر مرۆڤێک پێویستی بەخواردنی (١٦) کیلۆ ماسی هەیە، ئەمڕۆ لەزۆری چێشتخانەکان ئەو ماسییە بەشێوەیەکی جوان سوور دەکرێتەوە، یان بەخەڵووز ئامادە دەکرێت و کڕیارێکی زۆریشی لەسەرە، ئەوەش ماوەیەک بوو لە دەریاچەکانی دوکان و دەربەندیخان و شارەکانی دیکەی وەک موسڵ و کەلەک (ناحیەی خەبات) راو دەکران و دەهێنرانە بازاڕەکان، کەچی ئێستا زۆرترین ماسی لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان دەهێندرێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا رێژەی بەرهەمهێنانی ماسی لەسەرچاوە سروشتییەکان روو لە کەمییەو بەرپرسانیش وەک پێویست رێگانادەن راوچییەکان راوی ماسی بکەن، بەپێچەوانەی ساڵانی هەشتاکان، ئەوەش لەبەر ئەوەیە دەبێ راوچییەکان پیشەی خۆیان بێت وکات و شوێنی زاوزێی ماسییەکان بزانن و کارێکی وانەکەن زەرەر بەئابووری کوردستان بگەیەنێت، دیارە جۆرەکانی ماسی زۆرن وەک شەبووت و سەردین و توناو جوڕی و سوورە ماسی و.. هتد، خەڵکی بەزۆری داواکاریان زیاتر لەسەر ماسی شەبووت و جوڕییە، چونکە ماسی جۆری بێ ئێسکەو منداڵیش دەتوانێ لێی بخوات.

هەربەپێی دوا ئامارو داتاش (٢٥٧) پڕۆژەی بەرهەمهێنانی ماسی لە کوردستان هەیە، لەو رێژەیە (١٣٧) پڕۆژە لە هەولێرو (٢٤) پڕۆژەش لە دهۆک و لەسلێمانیش (٦٣) پڕۆژەو لەگەرمیانیش زیاتر لە (٢٠) پڕۆژەی بەرهەمهێنانی ماسی هەیە، بۆیە هیواداریین پتر بایەخ بەو سامانە سروشتییە بەسوود دەبدرێت و خەڵکیش هان بدرێت روو لەکڕینی ماسی بکەن، بەلام ئەوەی کە زۆر بەرچاویشە ئەمڕۆ هەندێک لەماسی فرۆشەکان بەشێوەیەکی زۆر ناشارستانی و دوور لەمەرجەکانی تەندروستی ماسی لەسەر عارەبەکان دەفرۆشن، بۆیە دەبێ رێگا چارەیەکیش بۆ ئەوە دیار بکرێت.

**ئا: شەرمین بەرزنجی**





# وەزارەتی گواستنەوە چەندین پرۆژەی

پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان لەکوردستاندا زۆر بەگەرمی ئەنجام دەدرێت و کۆمپانیاکان لێ براوانە کاردەکەن بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی زیندوو، جگەلە دام و دەزگا حکومییەکان کە زۆر بەگوڕی سەرقاڵی کاراکردنی کاروکردەوەکانیانن، ئەوەتا بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی زەمینی و هێڵی ئاسنین، لە هەوڵی ئەنجامدانی چەندەها پرۆژەیە کە هەندێکیان تەواوبوونە و ئەوانی دیش لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدایە، جا بۆ ئاشنابوون بەکار و پرۆژەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە پێمان باش بوو دیدارێک لەگەڵ بەڕێز (سەلاح جەوهەر رەشید) سازبدەین و چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین، بۆیە گوتی:

راپۆرت و وێنە:
محەمەد جەودەت



ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بەرپرسە لەو پرۆژانەی گواستنەوەکە لەسەر زەوی جێبەجێ دەکرێت واتە جودایە لە گواستنەوەی ئاسمانی، تایبەتمەندییەکەی ئێمە لەوەدایەکە لەبواری گواستنەوەی ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەردا پرۆژە ئەنجام دەدەین، بەڵام هەرێمی کوردستان لەوبوارەدا، واتە بواری هێڵی ئاسنین هێشتا پرۆژەی ئەنجام نەداوە. لەو رووەوە لەپاشەوەین تاکو ئێستا تەنها لەڕێی ئۆتۆمبێلەوە گەشتیاران بۆ شوێنی مەبەست دەگوازرێنەوە.

ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی زەمینی و هێڵی ئاسنی هەر لەسەرەتای دامەزراندنی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم ساڵانە پرۆژەکانی خۆمان داناوە بەپێی پلانی وەزارەت و شانبەشانی وەزارەتەکانی دیکە، چەند پرۆژەیەکمان بەرزکردۆتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و بەهەمان شێوەش ناردوومانە بۆ وەزارەتی پلاندانان. بۆ ئەوەی پەسند بکرێت، پرۆژەکانی ئێمە پرۆژەی گەلێک درێژخایەنن و دەکارێ بیانخزێنینە چوارچێوەی پرۆژە ستراتیژییەکانەوە، بەتایبەتیش پرۆژەی هێڵی شەمەندەفەر، کە ئێمە دامانناوە کەلەخاڵی سنووری ئیبراهیم خەلیلەوە بۆ دهۆک و لەوێشەوە بۆ هەولێر و لە هەولێریشەوە بۆ سلێمانی و لە سلێمانیشەوە بۆ پێنجوێن و باشماغ، هەروەها پرۆژەیەکی دی بەدەستەوەیەکە پرۆژەی هێڵی (ترام) لە ناو هەولێر و سلێمانی و دهۆک، ئەو دوو پرۆژانە پرۆژەی گەورەن کە پێویستیان بە بودجەی زۆرە، هەموو ساڵێکیش داوای ئەمجۆرە پرۆژانەمان کردووە، بەڵام وادیارە نەکراوە و بۆمان نەرەخساوە، وەیان کۆششەکان بەرەو لای دی براوە و پرۆژەی دی ئەنجام دراوە، ئێمە تەنها لەم دووساڵە کە رەزامەندی



# خزمەتگوزاری ئەنجامداوە

لەسەر درابێ پرۆژەی دروستکردنی وێستگەکانی (ئۆتۆبۆس)ە،هەروەها پرۆژەی (تەرمینالّ) یشمان هەیە، تەرمینالّی گواستنەوەی هاووڵاتیان بەگوێرەی مواسفاتی جیهانی، و بەشێوازێکی (مۆدێرن)

*** ئەم پرۆژانە تاکو ئێستا ئەنجام نەدراون و ئێوە تەنها داوای جێبەجێ کردنیان دەکەن؟**

– ئەو پرۆژانەمان داواکردووە، بەڵام بودجەی بۆ تەرخان نەکراوە.

*** بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانە چ کۆسپ و تەگەرەیەک لەئارادا هەن؟**

– هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک لەئارادانییە تەنها مەسەلەکە بودجەیە و ئەمجۆرە پرۆژانەش بودجەیەکی زۆریان پێویستە بۆ ئەمساڵیش ئێمە داوای بودجەیەکی تایبەتمان کردووە بۆ توێژینەوە و دیزاین و نەخشەکێشان و ئامادەسازی گشتی بۆ ئەم شتانە، واتە بوودجەکەمان جودا کردۆتەوە، بەڵام پارساڵ رەزامەندی تەنها لەسەر وێستگەکانی(پاس)درا، لەهەرسێ شاری دهۆک و هەولێر و سلێمانی.

بێگومان ئەو وێستگانە زۆر بەسوودن بۆ هاووڵاتی، هەر هاووڵاتییەک دەتوانێ لەو وێستگانە چاوەڕوانی ئۆتۆمبێل بکات و ئەو شوێنانە چ بۆ سەرما و چ بۆ گەرما بەکەڵک دێن و هەر هاووڵاتییەک دەتوانێ لەو وێستگانەدا بحەوێنەوە.

*** ئایا ژمارەی ئەو وێستگانە چەندن؟**

– ئێمە نزیکەی (٤٧٢) دانەمان داناوە، کە بڕی دووملیار و سەد و بیست و چوار ملیۆن دیناری تێچووە کە هەریەکێکی، هەر دانەیەکی چوار ملیۆن و نیو دیناری عێراقی تەکلیف کردووە، ئەم پرۆژەیە کۆمپانیای (زێڕین) ئەنجامی دەدات، لەشاری سلێمانیش(٦٥٨) دانە دروست دەکرێت ئەویش لەبەئەوەی قەزاو ناحیەی زۆرترە، پرۆژەی وێستگەکان لەشاری سلێمانی کۆمپانیای (دالیا)، جێبەجێی دەکات، هەر وێستگەیەکی شاری سلێمانی بڕی چوار ملیۆن و حەوسەد و پەنجا دیناری عێراقی تەکلیف دەکات، بۆ شاری دهۆکیش سێ سەد دانەمان داناوە کە کۆمپانیای (داستان) پێ هەستاوە هەر وێستەگەیەک چوارملیۆن و حەوسەد و سێ هەزار دیناری عێراقی تەکلیف دەکات.

*** جگەلەمانە پرۆژەی دی هەن؟**

– وەکو پرۆژەی دیکە وا دووساڵە داوامان کردووە کە پاسە کۆنەکانی ناوشار بگۆڕین، هەرچەندە ئەوە لەئەستۆی ئێمەدا نییە، چونکە ئەو پاسانە پاسی خەڵکی و موڵکی حکومەت نییە، بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە کە بۆ هەر پاسێک سێ هەزار دۆلار بدرێ بەبێ بەرامبەر وەکو فاکتەرێکی هاندەر.

*** ئەدی سەبارەت بەسەردان و پەیوەندیکردن بە کۆمپانیاکان و وڵاتانی جیهانەوە چ شتێک کراوە؟**

– بەڵێ لەسەر ئاستی وەزارەت چەندەها شاند رەوانەی وڵاتان کراون بۆ پەیوەندیکردن بە چەند کۆمپانیایەکەوە تابزانین چ کۆمپانیایەک ئامادەگی هەیە ئەم پرۆژانە ئەنجام بدات و تاکوبێن بەچاوی خۆشیان ئەم کەش و بارە ئارامەی کوردستان ببینن، لەو وڵاتانە بۆ نموونە سەردانی چیک، پۆڵۆنیا، ئەڵمانیا، کراوە.

# سۆران و گەشەسەندنی بەردەوام

**پەیوەند حەسەن- سۆران**

دیارە ناوچەی سۆران هەر لەدێر زەمانەوە خاوەن مێژوویەکی دەوڵەمەندە و ژینگەیەکی لەبار و گونجاویشی هەیە، بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەسەندن، ئەگەر باس لەپێگەی جوگرافی ئەو دەڤەرە بکەین دەتوانین بڵێین سۆران دەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی شاری هەولێر ئەویش بەدووری (١٣٠) کیلۆمەتر و ئێستا ئەو دەڤەرە ئاوەدانی و پێشڤەچوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە لەهەموو روویەکەوە و ژمارەی دانیشتوانیشی هەمیشە روو لەزیاد بوونە و خەڵکەکە زۆر حەز بەسروشتی ناوچەکە دەکات بەپێی ئەوەی لە رووی مێژووییەوە مەڵبەندی ئیمارەتی سۆران بووە، سەرباری هەموو ئەمانەش دەڤەرەکە خەسڵەتی بازرگانی و گەشتوگوزاری هەیە، هەر لەگەڵ دەست بەکاربوونی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەدان پرۆژەی خزمەتگوزاری لەو دەڤەرە هاتە ئەنجامدان ئەوەی من دەمەوێ زیاتر رۆشنایی بخەمەسەر بواری پەروەردە و فێرکردنە، ئەویش لەسەنتەری دەڤەرەکە (٤) کۆلیژ و (٢) پەیمانگا و (١٥) بینایەی قوتابخانەی لەخۆگرتووە، هەر بۆ پتر بایەخدان بەدەڤەری سۆران ماوەیەک لەمەوبەر سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانێکی کردن و یەک بە یەکی پرۆژەکانی بەسەرکردەوە، ئەوەی زیاتریش دڵخۆشی کردین ئەوەبوو کە سەرۆکی حکومەت بەڵێنی هەموو جۆرە هاوکاری و پشتگیرییەکی بۆ دەڤەرەکە دووپات کردەوە، لەهەمووشی بەرچاوتر گوێ بیستی ئەوەبووین کە لە ئایندەیەکی نزیکدا زانکۆی سۆران وەک مژدەیەک لە دەڤەرەکە رادەگەیەندرێت، بۆیە هەموو ئەو کارانە هی ئەوەن ستایش و دەست خۆشیان لێ بکرێ، بەتایبەتی ئەوەی من باسم لێوەکردووە نموونەیەکی هەرە بچووکە و مشتێکە لە نموونەی خەروارێک.

# مۆلیدە ئەهلییەکان پێوەریان بۆ دادەنرێت



راپۆرت: فاتیح بەرزنجی

**ئەندازیار عەلی عەبدوڵڵا سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوونی موەلیدە ئەهلییەکان لە پارێزگای هەولێر روونیکردەوە:** لە دوای باشبوونی رەوشی کارەبای نیشتمانی، رۆژانە چەندین گلەیی و گازاندە دەگەیشتە لیژنە، بەڵام بەداخەوە هەندێک لە خاوەنی موەلیدە ئەهلییەکانی قەرەبووی هاووڵاتییانیان نەدەکردەوە، ئێمەش هەوڵماندا کۆنترۆڵی کارپێکردن موەلیدە ئەهلییەکان و هەولێر بکەین لەگەڵ کۆمپانیای ریڤالکۆی ئیتاڵی گرێبەستێکمان مۆرکرد بۆ دابینکردنی پێوەر بۆ موەلیدە ئەهلییەکان بۆ ئەو مەبەستەش (٢٥٠٠) پێوەر رۆژی ٦/١٦ گەیشتە شاری هەولێر بە گوژمەی (٦١) ملیۆن دینار بوو، جگە لە شاری هەولێر موەلیدە ئەهلیەکانی قەزاو ناحیەکانیش پێوەر یان پێ دەدرێت، بۆ ئەوانیش نووسراوێکی فەرمی ئاراستەی هەموو قەزاو ناحیەکان کرا بۆ ئەوەی ئەوانیش نوێنەریان رەوانە بکەن تا پێوەر وەربگرن لەگەڵ وەرگرتنی رێنمایی و ژمارەی پێویستی پێوەر بۆ موەلیدە ئەهلییەکانی ئەو شوێنانەو ژمارەی موەلیدەکانی شاری هەولێرو دەورووبەری دەگاتە (١٥٠٠) موەلیدەی ئەهلی و دەستبەدابەشکردنی ئەو پێوەرانە کراوە بەسەر موەلیدە ئەهلییەکان.

**هەر خاوەنی موەلیدەیەک دەستکاری ئەو پێوەرانە بکات بە بڕی (١) ملیۆن دینار سزا دەدرێ**

**هەر سەبارەت بە دابەشکردنی ئەو پێوەرانە عەزیز عەبدوڵڵا ئەندامی لیژنەی بەدواداچوونی موەلیدە ئەهلییەکان گوتی:** لە شاری هەولێر نزیکەی (٧٥٠) موەلیدە لەناو گەڕەکەکاندا هەیە لە دەورووبەریش نزیکەی (٧٤٠) موەلیدەی ئەهلی هەیەو لە مانگی حوزەیران ساڵی ٢٠٠٦ لیژنەی بەدواداچوونی موەلیدە ئەهلییەکان دانرا تا کێشەی موەلیدەکان چارەسەر بکرێت و زۆربەی ئەو کێشانەی لە وەرزی گەرمای هاویندا دەستپێدەکات ئەویش بەهۆی دابەزینی ڤۆڵتیەی موەلیدەکان لەبەر بەرزبوونەوەی پلەی گەرماو هەندێک لە خاوەنی موەلیدەکان قەرەبووی هاووڵاتییان ناکەنەوە لەکاتی تێکچوون و چاککردنەوەی موەلیدەکان و لەکاتی هاتنەوەی کارەبای نیشتمانی لە ناو خشتەی کارەبای نیشتمانی، ئەوەش کێشەیەکی گەورەی بۆ لیژنەکەمان دروست کردووە، بۆیە بیرمان لەوە کردەوە کە سیستەمێکی تازە بەکاربهێنین تا چیتر هەقی هاووڵاتییان نەفەوتێ لەلایەن خاوەنی موەلیدەکان ئەویش بە دانانی پێوەری کارەبایی بۆ هەموو موەلیدەکانی ناو شاری هەولێرو دەورووبەری بە قەزاو ناحیەکانیشەوە، ئەو پێوەرە کار دەکات بەکارەبای موەلیدەو پێوەرەکە لەسەر سندوقی سرکێتەکانی ناو کۆڵانەکان دادەنرێت و رۆژانە چەند سەعات کارەبای موەلیدە کار بکات پێوەرەکە کارەبای موەلیدەکە دەخوێنێتەوە بۆ هەر مانگێک بۆ ئەو مەبەستەش وەکو لیژنەی بەدواداچوونی موەلیدە ئەهلییەکان لە پارێزگا لیژنەیەکی تایبەت بۆ بەدواداچوون دادەنرێت بۆ چاودێریکردنی ئەو پێوەرانەو نرخی تایبەتییان بۆ دادەنرێت و هەر خاوەن موەلیدەیەکیش دەستکاری ئەو پێوەرانە بەهەر شێوەیەک بکات لەلایەن لیژنەی تایبەت بە پارێزگای هەولێر سزا دەدرێت و خاوەنی موەلیدەکەش رەوانەی دادگا دەکرێت و بە بڕی (١) ملیۆن دینار خاوەنی موەلیدەکە سزا دەدرێت و لەمەدوا خاوەنی موەلیدەکان ناتوانن فرۆفێڵ لە خەڵکی بکەن.

**خاوەنی موەلیدەکان پێویستە پابەندی ئەو پێوەرانە بن**

هەر سەبارەت بە دانانی ئەو پێوەرانە حەزمان کرد راو سەرنجی ئەنجوومەنی موەلیدە ئەهلییەکانی شاری هەولێر وەربگرین. **سەرەتا ئەنوەر خورشید سەرۆکی ئەنجومەنی موەلیدە ئەهلییەکانی شاری هەولێر گوتی:** مەبەست لە دانانی ئەو پێوەرانە ئەوەیە تا هاوکاری و هەماهەنگی تەواو لە نێوان خاوەن موەلیدەو هاووڵاتییاندا هەبێت، ئەو پێوەرانەی کە دادەنرێت بۆ ئەو موەلیدانەیە کە کەمتەرخەمی دەکەن لە پێدانی تەزووی کارەبای موەلیدە بە هاووڵاتییان، ئێمەش وەکو ئەنجوومەنی موەلیدە ئەهلییەکان سەرپەرشتی ئەو پێوەرانە دەکەین شانبەشانی پارێزگای هەولێرو ئەو کارەش لەسەر پێشنیاری لیژنەی بەدواداچوونی موەلیدە ئەهلییەکان بوو لە پارێزگاو کاری ئێمە ئەوەیە تا هاووڵاتییان لە رێگەی ئەنجوومەنی موەلیدەکانەوە چارەسەری کێشەکانیان بۆ بکرێت و لەو رووەوە ئێمە هەمیشە هەوڵی چارەسەری کێشەکانی هاووڵاتییانمان داوەو ئەو پێوەرانە دادەنرێت تا خاوەنی موەلیدەکان پابەندبن بە پێدانی کارەبا (٧) سەعات لە بەرامبەر هەر (١) ئەمپێر کارەبا (٩) هەزار دینار لە هاووڵاتییان وەردەگیرێت و هەر خاوەن موەلیدەیەکیش لەو (٧) سەعاتە کەمتر کارەبا بدات بە هاووڵاتییان ئەوا خۆی تووشی بەرپرسیاریەتی دەکات و داواکاریشین لە خاوەنی موەلیدەکان کە پابەندی پێوەرەکا بن و بەگوێرەی کاتەکانی پێدانی کارەبا پارە لە هاووڵاتییان وەربگرن و هەر هاووڵاتییەکیش کێشەی هەبوو دەتوانێ پەیوەندی بە ئەنجوومەنی موەلیدەکان بکات بەو ژمارە تەلەفۆنانە (٠٦٦٢٥٣٨٢٨٨).

# خوێندنەوەیەک بۆ چەمکی ئیرادە

## باسێک لەبارەی نەمریی



بەکر کەریم حەسەن*

کاتێک منداڵ لە دایک دەبێت، دەوروبەر و خزم و کەسی هەموویان پێدەکەنن و تەنها ئەو نەبێت کە بە گریيانەوە چاو هەڵدێنێت و دەسپێکی بوونمان خۆی لەو رەفتارە نەخوازراوەدا دەبینێتەوە کە گریانە، بەڵام نابێ تا سەر بگرین نابێت لە دونیادا بە جۆرێک بژین کە بەردەوام گۆشەگیری و رەشبینی و فرمێسک ببنە شوناسی کەسایەتیمان و بە پێچەوانەوە دەبێ خۆمان لە ژیانێکی وا رابهێنین کەوا هەمیشە هەوڵ بۆ ئەوە بدەین لە دوای مردنمان دەوروبەر و خزم و دۆستانمان بۆمان بگرین و ئێمە پێبکەنین، بەو تێگەهەیە کەوا لە کۆتایی ژیاندا پێکەنین ببێتە دژەکردارێک لە هەمبەری گریان دا.

من تیشک خستنە سەر ئەو بابەتە ئەوە نیە هەتا لەدواین چرکەساتێکی ژیانیشدا ببینە هۆکارێک بۆ خەمبارکردنی دەوروبەر و خۆشەویستانمان، بەڵکو ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بیخەمە ڕوو ئەوەیە کە کار کردەوەکانمان و رەفتارەکانمان هەردەم جێگای دڵخۆشی و ئاسوودەیی و سەرنجڕاکێشانی دەوروبەر بێت و ویژدانمان رابەرمان بێت بە شێوەیەک هەردەم هەست بە بەرپرسیارێتی بکەین و ئەو ئەرکانەی لەسەر ئەستۆمانە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە ئەنجامیان بدەین، بە راپەڕاندنی ئەرکەکانمان هەستێکی دڵخۆشکەر کە ئاسوودەیی و تەناهیەک بە دەروونمان دەبەخشێت و ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کەوا جوولەیەکمان کردووە و توانیوومانە خزمەتێک پێشکەش بکەین، ئەنجام گەیاندنی ئەم خزمەتانە هەمووی لە ئیرادەیەکی بەهێز و سووربوونمان لەسەر بەردەوام بوون بۆ هاویشتنی هەنگاوی فراوان و سەرکەوتووتر سەرچاوە دەگرن ئەوسا متمانە بە خۆبوون و خۆ بە گەورە نەزانین و دڵسۆزی بۆ کارەکانمان و نەفەس درێژی وا دەکەن پتر کارەکانمان پوخت و نەقۆڵا و سەرکەوتووتر بن، وەکو جان جاک رۆسۆ مرۆڤ و ئاژەڵ لەم وتەیەدا جیا دەکاتەوە کە دەڵێت "گەورەترین جیاوازی نێوانی مرۆڤ و ئاژەڵ تەنها تێگەیشتن و عەقڵ نییە، بەڵکو ئیرادە و بڕیارە".

بۆیە پێویستە هەردەم ئیرادەیەکی پتەو و بڕیارێکی بوێرانە و یەکلا کەرەوە لە قوڵایی هەست بە لێپرسراویەتی رێبەری کار و کردەوەکانمان بێت، لە هەمان کاتیشدا خۆشەویستی بۆ کارەکانمان سەرکەوتنی بەردەوامی بە دواوەیە دەرئەنجامەکەشی بۆ سوودی هەموو لایەک دەبێت.

هیچ سەرکەوتنێک چێژ و لەزەت و خۆشی نیە ئەگەر لە یەک هەنگاو دا سەرکەوتنمان بەدەست هێنا، بەڵکو تامولەزەت لەوەدایە هەوڵ و کۆششەکانمان بەردەوام بن و ببنە سەرچاوەی ئومێد بۆ سەرکەوتنێکی دیکەی گەورەتر کە واتایەکی جوان بە هەوڵەکانمان دەبەخشێت و هەموو مرۆڤێک ئاوات و ئامانجی تایبەتی و گشتی هەیە بۆی تێدەکۆشێت و زوو یان درەنگ لێیان نزیک دەبێتەوە و بە دەستیان دێنێت، لە هەمووشیان گرینگتر دڵسۆزی و راشکاوی و جددییەتە لە ئیش کردن کەوا پاڵنەری بەهێزن بۆ ئەوەی رێگا دوور و سەختەکانمان بۆ نزیک و ساناهی بکەن، ئەو گریانەی کە لە ئەنجامی هاتنە بوونمان هەیە و واتایەکە بۆ لەدایکبوونی منداڵێک، کەچی لەگەڵ گەورە بوون و رەتبوونی تەمەن و بەسەربردنی ژیان پێویستی بە ئیرادەیەکی بەهێز هەیە بۆ ئەوەیە گریانەکە بۆ زمانی ئیش کردن و سەرکەوتن و پاراستنی دەسکەوتەکان وەربگێڕین کە بێگومان ویستێکی پتە و لە خۆبردوویی و بڕوا بە خۆبوون و سووربوون لەسەر گەیشتن و پێگەیشتن کەرەستەی خاوی بونیادنانی قەڵای پتەوی ئامانج و ئاواتی مرۆڤە بەهێزەکانە، ئەو کاتەی کەوا قەڵاکە دەکەوێتە سەر قاچ و بەرز دەبێت تا وەکو ئاسمان لە باوەش دەکات، ئەوسا بە دڵنیایەوە دەبێتە جێگای ئاماژەدان بەو کەسانەی کە لە زیرەکی و وتوانایی و بەهێزیدا وەکو ئەندازیارێکی دەست رەنگین کاری بونیادنانی قەڵاکەیان لە ئەستۆ بووە.

ئەو کەسانە دەبنە مایەی شانازی بۆ کەسەکانی دوای خۆیان بەوەی توانیوویانە کردەوەی باش و خزمەتی گەورە و دەسکەوتی بێهاوتا پێشکەش بکەن، بۆیە ونبوونی ئەو جۆرە کەسەیە نیگەرانی و گریان بۆ دەوروبەری جێدەهێڵێت، چونکە توانایەک، ئیرادەییێک ، بڕواییێک، ون دەبێت و دیار نامێنێت، بەڵام جێ پەنجەکەی بە گەش و درەوشاوەیی دەمێنێتەوە.

* بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات

# کێ خەمێک لە نۆرینگەکان دەخوات؟

تەلار نادر

ئەوەی رێگەی بکەوێتە نۆرینگە (عیادە)کان، دەزانێت بەدەگمەن نەبێ نابینی خاوێن وگونجاوو رێکبن، زۆربەیان پیس و نارێک و نەگونجاوو قەرەباڵغن، بە داخەوە ئەو دکتۆرانە هەمویان پسپۆریان لە بوارێکی تایبەت وگرنگدا و هەمومان راوێژ بەوانە دەکەین وچارەنوسی باری تەندروستیمان داوەتە دەستیان، ئەوانیش بیرێک لە جێگەودەوروبەریان ناکەنەوە، لانیکەم کەمێک رێز لەو نەخۆشانەیان ناگرن کەرویان تێدەکەن.
هەندێ نۆرینگە لە زستاندا ئەوەندە ساردە هەرکەسێک هەر نەخۆشیەکی هەبێ ، سەرەرای نەخۆشیەکەی توشی ئەنفلەوەنزاو کۆکەش دەبێت، بە هاوینیش فشاری خوێنی دادەبەزێ وغەرقی ئارەق کردنەوە دەبێت،(چونکە بینینی دکتۆر لە لای ئێمە وادەی دیاریکراوی نیە و دەبێ چەند سەعاتێک لەدوای ئەو وادەیەوە بۆت دانراوە چاوەرێبکەیت) کورسی هەندێ نۆرینگەکان ئەوەندە کۆنە پێدەچێ هی ئەو سەردەمەبێ کەبۆ یەکەم جار کراوەتەوە، ئەوەندە پیس وبێکەڵکن ناچار نەبیت بێزت نایە لە سەری دانیشی، ئەمە وێرای ئەوەی سوچ و سەقفەکەی تۆزێکی زۆر داپۆشتوەوسالانێک دەبێت پاک نەکراوەتەوە، خۆ ئەگەر ئێوارە داهات وتاریکی کرد بینای هەندێ نۆرینگە ئەوەندە تاریکە دەبێ لایتێکت پێبێت، ئەگینا بە دەست وقاچێکی شکاوەوە دێیتە دەرێ.
بە کورتی لە هیچ روویەکەوە رەچاوی تەندروستی نەکراوە بەلام، لەمانە هەمووی نەشیاو تر ئەوەیە، دکتۆری واهەیە لەماوەی چوار سەعاتدا پەنجا تا هەشتا نەخۆش بەرێدەکات، ئەوەندە بە پەلەپەل هەڵسوکەوتت لەگەڵ دەکات زۆربەی ئەو پرسیارانەی بەتەمای لە دکتۆری بکەیت بیرت دەچێتەوە، چونکە بێجگە لەتۆ چوار پێنج نەخۆشی دیکە لەگەڵت هاتونەتە ژورەوەو وەستاون وئاگایان لە گفتوگۆی تۆو دکتۆرەکەیە.
کەچی هەندێ دکتۆریش نۆرینگەکەیان هێندە خاوێن و جوان و گونجاوە باوەڕ بەچاوی خۆت ناکەیت .
ئەگەر گوتمان ئەودکتۆرانە کەمتەرخەمن و ئامادەنین پارەی چەند رۆژێکی ئەرکەکەیان بۆ ئەم مەسەلەیە خەرج کەن، ئەی بۆچی وەزارەتی تەندروستی لێیان دەگەرێت بەم شێوە بەردەوام بن و لێیان ناپرسێتەوە؟
هیوادارم وەزارەتی تەندروستی بیرێک لەم مەسەلەیە بکاتەوە، لیژنەیەک بۆ سازدانی هەڵمەتێکی پشکنینی نۆرینگەکان دابنێت و ناچاریان بکات پابەندی رێنمایەکانی ئەو لیژنەیەبن، بە وهیوایەی چارەسەری ئەم دیاردە ناشارستانیە بکرێت و روویەکی مۆدێرن بە روخساری نۆرینگەکان ببەخشرێت و خەڵکی نەخۆش وماندوش پشویەک بدەن.
هیوادارم لیژنەکە کارێکی ئەوتۆ بکات کە گۆرانکاریەکی بەرچاو دروست بکات، هەروەها سنوورێک بۆبینینی ژمارەی نەخۆش دابنێت کە لەرووی زانستیەوە گونجاو بێت .
ئەمە تەنها پێویستی بە دواداچونی وەزارەتی تەندروستیە، نازانم بۆ تائێستا ئەم مەسەلەیەی فەرامۆش کردوە؟

# کامێرای کۆنترۆلکردنی خێرایی ئۆتۆمبێل



بەدواداچوون: عەمار نەجمەدین

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەهۆکارەکانی گیان لەدەستدانی هاووڵاتیان ،هۆکاری گیان لەدەستدان بەهۆی رووداوەکانی هاتووچۆیەکی لەهۆکارە سەرەکی ولەپێشەکانی گیان لەدەستدانی هاووڵاتیانە لە هەرێمی کوردستاندا ،شارەزایانی بواری هاتووچۆش ئەوە دووپات دەکەنەوە کە زۆربەی رووداوەکانی هاتووچۆ لەرێگایەکانی دەرەوەیەو هۆکاری سەرەکیش خێرایی لێخورینی لەرادەبەدەری ئۆتۆمبیلە لەلایەن شۆفێرانەوە، ئەمە جیا لەنەبوونی مەرجەکانی توندو تۆڵی لەئۆتۆمبیلەکان و پابەند نەبوون بەیاساکانی هاتووچۆکە هۆکارگەلی دیکەن بۆ رووداوە دلتەزێنەکانی هاتووچۆ،بەپەی بردن بەم راستیانەو بۆ کۆنترۆڵکردنی خێرایی لێخورین و کەمکردنەوەی رووداوەکانی هاتووچۆ بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی رێگاکانی دەرەوەی شاری هەولێر چەند رێوشوێنێکی گرتۆتەبەر کە دیارترینیان،هێنان و دانانی ژمارەیەک ئامێری کۆنترۆڵکردنی خێراییە لە شا رێگاکانی هاتووچۆی دەرەوەی شاری هەولێر،لەگەڵ ئەمانەشدا هێمایەکانی دیاری کردنی خێرایی و تابلۆیەکانی ئاگادارکردنەوە بەوەی کەرێگاکان بەئامێری رادار کۆنترۆڵکراوە دانراون،بۆ ئەوەی شۆفێران بەرچاو روون بن و پابەند بن بە خێرایی دیاری کراو لەو رێگایانەدا.

**نەقیب زەردەشت عەبدولوەهاب جێگری بەرێوەبەری هاتووچۆی رێگاکانی دەرەوە بەگۆڤاری هەرێمی کوردستانی راگەیاند:** ئەم سیستەمە سیستەمێکی ئەلمانیەو لەلایەن خودی شارەزایانی ئەڵمانیشەوە راهێنان بەژمارەیەک لە ئەفسەران و کارمەندانی هاتووچۆ کراوە ،ئەم ئامێرانە پاش ئەوەی بەشێوەی تێست یاخود تاقیکاری لەماوەکانی رابردوو بۆ ماوەیەک کاریان پێکراوە،بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی فەرمی کاریان پێدەکرێت و لەماوەی چەند

# لەسەر ڕێگاکانی دەرەوەی شاری هەولێر دانراوە



ڕۆژی ڕابردوودا لەهێڵە دەرەکییەکانی شاری هەولێر سەرپێچی ژمارەیەک ئۆتۆمبیلیان وێنەگرتووە.

ئەم بەرپرسەی هاتووچۆ سەبارەت بەشێوازی کارکردنی ئەم ئامێرانە ئەوەی خستەڕوو کە ئامێرەکان وا ڕێکخراون کەهەر ئۆتۆمبیلێک کە لەسەد کیلۆمەتر زیاتر بڕوات ڕاستەوخۆ وێنەی دەگرێت لەگەڵ دەست نیشانکردنی خێراییەکەیی و کاتی سەرپێچیەکە و تەنانەت وێنەی شۆفێرەکەش لەکاتی سەرپێچیەکەدا،دواتر ئەم زانیاری و دیکۆمێنتانە لەڕێگای فلاش میمۆریەوە لە ئامێری چاودێریەکەوە بۆ کۆمپیوتەرەکانی تەرخانکراو بۆ ئەم کارە دەگوازرێنەوەو پاشان لەکاتی نوێی کردنەوەی ساڵنامەی ئۆتۆمبیلدا کەسی سەرپێچی کار بۆ هەر سەرپێچیەکی خێرا لێخورین بری سی هەزار دینار سزا دەدرێت و وێنەکەی خۆشی پیشاندەدرێت لەکاتی سەرپێچی کردنەکەدا.

**نەقیب زەردەشت ئەوەشی دووپاتکردەوە** کە هەرلەڕێگای ئەم ئامێرانەوەچەند سەرپێچیەکی دیکەش تۆمار دەکرێن و کراون وەک ئەوەی کە ئەم ئامێرانە وێنەی شۆفێرێکیان گرتووە کە جیا لەوەی کەلە سەد کیلۆمەتر زیاتر لێدەخوریت لەهەمانکاتدا پشتوێنی سەلامەتیشی نەبەستووەو بە مۆبایلیش قسە دەکات،ئەو شۆفێرانە سزای هەرسێ سەرپێچیەکە دەکرێت.

**هەروەها ئەوەشی ئاشکرا کرد** کە بەڕێوەبەرایەتیەکەیان لەڕێگای مەفرەزە گەڕۆکەکانی هاتووچۆی سەربە بەڕێوەبەرایەتیەکەیانەوە لەڕێگاکانی دەرەوە بۆ دڵنیا بوون لەمەرجەکانی توندوتۆڵی ئۆتۆمبیلەکان پشکنین و بەدواداچوون دەکەن.

بەشێوەیەکی گشتی و وەک لەمیانی ئەم بەدوادا چوونەشدا تێبینیمان کرد ئاستی خێرایی لێخورینی ئۆتۆمبیل لەلایەن شۆفێرانەوە لەو هێڵە دەرەکیانە تاڕادەیەکی باش ڕووی لەکەمی کردووەو ئەم ئامێرانەی چاودێری کردنی خێرایی لێخورین زۆرێک لەشۆفێرانی پابەند کردوە بەو خێرایە دیاری کراوەی کە بۆ ڕێگا دەرەکیەکان دەست نیشانکراوە،بەڵام سەرەڕای هەبوونی ئەم ئامێرانەو ئەو سزا مادیەی کەبۆ سەرپێچی کارانی خێرایی لێخورین دەست نیشانکراوە هەندێک لە شۆفێران لە تیژ ڕەوی خۆیان بەردەوامن و گوێی بە ڕێنمایەکانی هاتووچۆو ئەرکی ئەم ئامێرانە نادەن.

## لێرەوە دەیڵێم



### پاراستنی ئاو

**ئازاد هەینی**

هەرچەندە وڵاتەکەمان کەوتۆتە نێوان دوو ڕووباری گرنگ و پڕ ئاو، بەڵام بەهۆی خراپی سیاسەتی بەکارهێنانی ئاو لە نێو خۆمان وڵاتانی دەورووبەرمان و دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی، بۆیە لەم ساڵانەی دوایی وامان لێهاتووە هەمیشە بناڵێنین لەبەر کەم ئاوی، کاری کردۆتەوە سەر ژیانی خەڵک، ئەوەتا چەندین ئامێری کارۆ ئاوی لە گوندەکانی کوردستان هەبوو کە (٢٤) کاتژمێر کارەبایان بەبەردەوامی هەبوو، ئێستاکە لەکار کەوتوون کە زۆربەی خەڵکی شارەکان خۆزگەیان دەخواست لەو جۆرە گوندانە بژین، لە پاش ڕاپەڕین و فراوانبوونی شارێکی وەک هەولێر تووشی قەیرانی کەمبوونی ئاوی خواردنەوە بووە، بەڵام بە هیمەتی خەمخۆران پڕۆژەی دووەمی ئاوی ئیفراز کرایەوە، لە سلێمانیش بەهەمان شێوە، ئەوەتا ئێستا هاوین هات و لە هەندێ گەڕەک ئاوی ئەم پڕۆژە نوێیانەیان پێناگات، تەنها سەرچاوەی ئاوی ژێر زەویە بەکاری دەهێنن، کە ئەویش بێشکە لە کزبووندایە لەگەڕەکێکی وەک ڕاپەڕینی هەولێر بۆ نموونە ئاو (٢٤) کاتژمێر هەیەو بەفیڕۆ دەڕوات بەبێ ئەوەی چاودێرییەکی لەسەر هەبێ، هێشتا لە بیرمان ماوە چۆن پێوەری ئاو هەبوو، هەموو سەرە مانگێک بەپێی پێوەرەکە بەناچاری پارە تەسلیم دەکرا، کەس زیادەڕۆیی نەدەکرد، بەڵام ئێستاکە بە پێچەوانەیە گەڕەک هەیە ئاوی نییە، گەڕەکیش بە پانی و بەرینی هەم تێر ئاوە هەم بە زیادەوە بە فیڕۆی دەدات، هەقە حکومەت بیرێکی لێبکاتەوەو ڕێگا چارەیەک دابنێ و هەموو شاری هەولێر بخاتە ناو تۆڕی ئاوی ئیفرازو بەدادپەروەرانە دابەشی بکات تا کەس گلەیی لە حکومەت نەکات.

# فرمێسکی وەفا بۆ لەدەستدانی پردی دێرین و مێژوویی کەڵەک

**عیسا بۆتانی- خەبات**

هەر شارو شارۆچکەیەک هەر قوژبن و شوێنێکی ئەم کوردستانە خاوەن شوێنەوار و تایبەتمەندییەکانی خۆیەتی کە پێی دەناسرێتەوە و دانیشتووانیشی شانازی پێوە دەکەن، قەزای خەباتیش کە کەوتۆتە سەر لێواری زێی گەورە چەند تایبەتمەندییێکی خۆی هەیە کە جیا لەوەی وەکو ناسنامەیەکی ئەو دەڤەرەیان لێ هاتووە و لەهەمان کاتیشدا بەشێکی گەورەیان لە یادەوەری دانیشتووانەکەی داگیر کردووە، هیچ کەسێکی دانیشتووی قەزای خەبات نیە ساتێکی زۆری تەمەنی بە دیار شەپۆڵە شینەکانی رووباری زێی گەورە بەسەر نەبردبێت و دیمەنی ماسیگرەکان و تەنانەت کاتی خۆرئاوابوونی کەناری زێ لە هزر و بیری دا رەگیان دانەکوتابێت، هیچ کەسێک نیە ساتێکی زۆری لەژێر سێبەری گەڵای درەختەکانی دارستانەکەی رانەبواردبێت و هەر کە باسی دارستانی خەبات بکرێت وێنەی ئاهەنگ و سەیرانی نەورۆز و شایی بە مێشکیدا نەیێن، نەک تەنها ئەمە و بەس بەڵکو هەتا ئەو رێبوارانەی بە خەبات دا رەت بوونە ئەگەر بۆیان نەرەخسابێت لەسەر رووبار و لەنێو دارستانەکەی دا تۆزێک بحەسێنەوەش بە ناچاری بەسەر کۆنە پردی کەلەک دەربازبوونە کە تەمەنێکی زۆری هەیە و لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکانەوە و هەتا ئەمرۆشی لەگەڵ دا بێت خەڵکان بە پیادە و بە ئوتۆمبێل بەسەری دا دەگوزەرێن، بۆیە هاوشان لەگەل رووباری زێی گەورە و دارستانی خەبات کە جێگاییێکی پتەوی لە یادەوەرییەکانی ئەو خەڵکەدا تۆمار کردووە و هەتا هەتاش یادەوەرییەکانی ناسرێنەوە و خەڵکە بە تەمەنەکەی کە هێشتا لە خەباتدا ژیان بەسەر دەبەن باش ئەو رۆژانەیان لەیادە کە خشتەکانی خراونەتە سەر یەک و بووەتە ئەو پردەیەی کە هیچی لە پردی دەلال و شوێنەوارەکانی دیکەی کوردستان کەمتر نیە.

پردی کەلەک بەواتا راستەقینەکەی نەرووخاوە و هەمیشە لەسەر دینگە دێرینەکانی وەستاوە شەپۆڵە تیژەکانی رووباری زێ نەیانتوانیووە لە بەینی ببەن، بەڵام ئەوەی لەمەودا بەنێو بازار و شەقام و چایخانە و شوێنە جیاجیاکانی قەزای خەبات بسوورێتەوە هەست دەکات کەوا شارۆچکەکە شتێکی ئەوتۆی لەدەست داوە کەوا ئەویش وەکو مۆرکێک لە خەبات دا دەناسرایەوە و بەشێکی زۆری خۆشەویستی خەڵکەکەی بۆ خۆی کێش کردبوو، کۆچی ساڵحە شێت کاریگەری زۆری لەسەر دانشتووانی ئەو شارۆچکەیە کرد و هەر کە دەنگۆی مردنی ساڵح دەنگی دایەوە تەوژمی زێی گەورە مات بوون و تیژەنەکان بۆ مەرگی ئەو لە خورە کەوتن ماسییەکانیش بۆ دەربڕینی پرسەگێڕی سەر ئاوکەوتن و هەتا سەوڵی قایەغی ماسیگرەکانیش لەجێدا کەوتنە نێو ئاوی رووبار و قایەغەکانیان لە جوولە خست و درەختەکانی دارستانیش لەم هاوینەدا گەڵاکانیان سیس هەڵگەڕان وەکو ئەوەی پایز ئەوانی رووتاندبێتەوە، کە هەواڵی مردنی ساڵح لە بڵندگۆی مزگەوتی مەلا محەمەد راگەیێنرا ئەوسا هەر کەسێک لە قەزای خەبات ئەژنۆکانی هەژا و زانی کەوا شارۆچکەکە بەشێکی گەورەی لە شوناسی خۆی لەدەست دا کە قەربوو نابێتەوە، هیچ یەکێک لە دانیشتووانی ئەو دەڤەرە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ساڵح دا نەدەکرد وەکو شێتێک و زۆر بە دڵۆڤانی و خۆشەویستییەوە لەگەلی دا دەجوولانەوە و ئەو راستییەیان لەلا ئاشکرابوو کەوا بەر لەوەی تووشی نەخۆشی ئاقڵی ببێت چ شوفێرێکی کارامە و کەسێکی بە بەزەیی و پێشمەرگەیێکی کورد پەروەر بوو، ئەو لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕش خۆشی دایدەگرت و بۆ نسکۆ و شکانیش دەگریا، بۆیە من لە دەسپێک و لە مانشێتی ئەم نووسینەمدا گوتم پردی کەلەک رووخا.



# بەرپرس و هاووڵاتی

**رۆژنامەنووسێک**

* لەم رۆژانەدا، بەکارێکی رۆژنامەوانی، رێم کەوتە ئەنجومەنی وەزیران، خەڵکێکی زۆرم بینی.. کە پرسیارم لە خەڵکەکە کرد، روونبۆوە کە هەفتەی رۆژێک، بەڕێز د.نوری عوسمان سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، هەفتەی رۆژێکی تەرخانکردووە کە لە پرسگەو لەگەڵ هاووڵاتییان رووبەڕوو ببنەوەو لەو دیوانە چەندین هاووڵاتی سەرنج و داوای خۆیان ئاراستە دەکەن و گەلێک لەو گرفتانە رووبەڕوو بەشێوەیەکی رۆژانە چارەسەر دەکرێت بەبێ هیچ رۆتین کاری، کە ئەمەش هەم ئاسانکارییە، هەم بووە بە مایەی ئەوەی کە ئەو ئیش و کارانە درەنگ جێبەجێ نەکرێت و راستەوخۆ وەڵامەکەیان دەسگیر بێ، هاوکات بەڕێز سەرۆکی دیوان گوێ لە هاووڵاتییان دەگرێت و.. ئەو گرفتانەی دێنەڕێ چارەسەر دەکات کە بەڕاستی نموونەیەکی زۆر دڵسۆزانەیە بۆ کەمکردنەوەی رۆتین.

* وەکو رۆژنامەنووسێک گەلێک بەم دیمەنە بەختەوەر بووم، چونکە دڵسۆزی مرۆڤ لەوەدایە کە هەمیشە خۆی بە بەشێک لە خەڵک بزانێت و خۆیان لێ جیانەکاتەوە، جگە لەوەش لە ئەنجامی سەرپەرشتیکردنی راستی و خۆی بەڕێزی، کاروبارەکانی پرسگەو ئیدارە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەن زۆر ئەکتیڤانە بەڕێوە دەچێت کە شێوازێکی مۆدێرنیزمانەی هەیە لە پێشوازی هاووڵاتی و راپەڕاندنی کارو بارەکانیان، کە ئەمەش سیمایەکی زۆر شارستانی بە ئەنجومەن بەخشیوەو هیوامان وایە ئەم دیدارو یەکتر بنیانە هەموو دەزگاکانی دیکەش بگرێتەوە کە پەیوەست بە کاروباری هاووڵاتییان و دووبارە دەستخۆش لەم بەڕێزەو شێوازی کارکردنی ئەنجومەن دەکەین.